# بەرد و گەوهەر لە دووتوێی زانست و شیعرەکانی(نالی)دا

پ. د. پەخشان سابیر حەمەد
Pakhshan.hamad@soran.edu.iq
بەشی کوردی– فاکەڵتیی ئاداب– زانکۆی سۆران

د. سەرباز مەجید خۆشناو
Sarbaz.omer@soran.edu.iq
بەشی کوردی- فاکەڵتیی پەروەردە-زانکۆی سۆران

جیۆلۆجی. عەلی سەربەست مەجید
ali.shaqrawa2001@gmail.com
پەیمانگای بەردوگەوهەرەکان – هەولێر

ڕێکەوتی وەرگرتنی توێژینەوە:٢٠٢٤\٤\١٦ ڕێکەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە:٢٠٢٤\٦\٢٤

**پوختە**

پرسی ناوهێنانی بەرد و گەوهەرەکان لە شیعردا، پرسێکی هونەری و بابەتێکی دەلالیی فرە ڕەهەندە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی جۆر و مەبەست وخەسڵەتی ئەو بەرد و گەوهەرانەی، کە لە شیعرە کوردییەکانی(نالی)دا هاتوون. زۆربەی شاعیرانی کلاسیکیی کوردی ناوی بەرد و گەوهەرەکانیان لە شیعرەکانیدا هێناوە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە (نالی) وەک گەوهەرناس، شارەزایانە و بە وردی مامەڵەی لەگەڵ چەندین جۆری گەوهەرەکاندا کردووە و بەپێی خەسڵەتە تایبەتییەکانیان بە شێوەی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ لە شوێنی شیاودا بەکاریهێناون.

هەرچەندە ئەم بابەتە لە نێو فەرهەنگی شیعری کۆندا زۆر بەدیدەکرێت،بەڵام ئێمە کارمان لەسەر شیعرەکانی (نالی)دا کردووە.

توێژینەوەکە میتۆدی وەسفی شیکاری و ئاماریی پەیڕەوکردووە. ناوەڕۆکی توێژینەوەکە دوو بەش لەخۆدەگرێت، لە بەشی یەکەمدا بە شێوەیەکی تیۆری باس لە چیەتیی و جۆر و خەسڵەتەکانی بەرد و گەوهەرەکان کراوە و لە بەشی دووەمیشدا بە نموونەی شیعریی شیکردنەوە بۆ جۆر و دەلالەتی ئەو بەرد و گەوهەرانە کراوە، کە لە شیعرەکانی(نالی)دا ناویان هاتووە. لە کۆتاییدا ئاماری چەندێتیی و چیەتیی جۆری بەرد و گەوهەرەکان خراوەتەڕوو. ئەنجامی توێژینەوەکەش، لە چەند خاڵێکدا پوختکراونەتەوە و ئاماژە بەو سەرچاوانەش کراوە، کە لە توێژینەوەکەدا سوودیان لێوەرگیراوە.

**وشە کلیلیەکان**

بەرد و گەوهەر، داهێنان، نالی، دەقی شیعری

## پێشەکی

ناسینی مرۆڤ بۆ بەرد و گەوهەرەکان، مێژوویەکی کۆنی هەیە و لە چەندین بواری جیاوازدا بە بایەخەوە مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە. لە زۆر ڕووەوە پشتیان پێبەستراوە و لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکارهێنراون، بە تایبەتی وەک خشل و کەرەستەی ڕازاندنەوە سنعەتکارییان تێداکراوە و بوونەتە جێی سەرنج و تێرامانێکی جوانیبەخش و ڕۆژبەڕۆژ پەرەیان سەندووە، تا تێکەڵی ئەدەبیات بووە و شاعیران وەک کەرەستەیەکی ڕەوانبێژی بۆ بەرزکردنەوەی بەهای وێنەشیعرییەکانیان وەریانگرتوون. پرسی ناوهێنانی چەندین جۆر لە بەرد و گەوهەرەکان لە شیعرەکانی (نالی) وەک شاعیرێکی دیاری قۆناغی کلاسیکیی شیعری کوردیدا، چەند پرسیارێکی دروستکردووە :ئایا نالی شارەزایی لە ناسینەوەی خودی بەرد و گەوهەرەکاندا هەبووە؟ ئایا توانیویەتی لە سیفەتە بەرزەکانیانەوە بیياننناسێتەوە و لە شوێنی شیاودا بەکاریان بهێنێ؟ کامە بەرد و گەوهەر پانتاییەکی زیاتری لە شیعرەکانی نالیدا گرتووە؟ بۆچی؟گریمانەی ئەوەمان کردووە، کە نالی لەخۆوە ناوی ئەو هەموو جۆرە بەرد و گەوهەرەی نەهێناوە و تەنیا وەک کەرەستەیەکی بە قیمەت مامەڵەی لەگەڵدا نەکردوون، چونکە لە ڕوانگەی خەسڵەتەکانییانەوە لە چەندین وێنەی جیاوازدا بەکاری هێناون.

بایەخی ئەم توێژینەوە لەوەدایە، کە لە سنووری شیعرەکانی(نالی)دا، دەلالەتەکانی ئەو بەرد وگەوهەرانە لێکدەداتەوە، کە بە مەبەستی جیاواز بەکارهاتوون و پێشتر لە بواری ئەکادیمیدا کاریان لەسەر نەکراوە، لە لایەکی دیکەشدا زەمینەیەکی لەبار دەڕەخسێنێ بۆ توێژینەوەی زیاتر لە دیوانی شاعیرانی دیکەی کورددا.

لە توێژینەوەکەدا میتۆدی وەسفی شیکاری و ئاماری پەیڕەوکراوە، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی وردتر لە جۆر و مەبەست و خەسڵەتە جیاوازەکانی بەرد و گەوهەرەکان بکۆڵێتەوە.

ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە لە دووبەشی سەرەکی پێکدێت: لە بەشی یەکەمدا باس لە چییەتیی بەرد و گەوهەرەکان و جۆر و خەسڵەتەکانیان کراوە و لە بەشی دووەمدا، بە نموونەی شیعری ئاماژە بە جۆری بەرد و گەوهەرەکان کراوە و باس لەو خەسڵەت و تایبەتمەندییانە کراوە، کە جێی مەبەستی شاعیر بووە. لە کۆتاییدا ئاماری چەندێتی و چییەتیی جۆری بەرد و گەوهەرەکان خراونەتەڕوو و ئەنجامی توێژینەوەکەش لە چەند خاڵێکدا پوختکراونەتەوە و ئاماژە بەو سەرچاوانەش کراوە، کە لە توێژینەوەکەدا سوودیان لێ وەرگیراوە.

## بەشی یەکەم

## چیەتیی بەرد و گەوهەرەکان

گەوهەرەکان لە کوردیدا، بەرامبەر بە (الاحجار الكريمة)ی عەرەبی و (سنگهایی قیمتـی)ی فارسـی و (gemstone)ی ئینگلیزی دێت. لە هەموویاندا وەک کەرەستەی بەنرخ ئاماژەیان پێکراوە. گەوهەرەکان هەموویان بەرد نین، زۆربەیـان کانزان و هەیانە ئەندامین. بە شێوەیەکی سروشتی لە ناوچە جیاوازەکانی سەر زەوی و ناو دەریا و کەنـاراو و ڕوبارەکـان و لەناو پێکهاتەی بەردەکاندا هەن.

### ١-١ چیەتیی بەرد (Stone)

بەرد ماددەیەکە لە دۆخی ڕەقیدایە، کـانزایەک یـان زیـاتر لە پێکهاتەکەیـدا هەیە، یەکـدەگرن و بەشـداری لە پێکهـاتەی تاوێر (rock)دا دەکەن. بە شێوەیەکی گشتی و بەپێی دروستبوونیان، تاوێرەکان سێ جۆریان هەیە:

یەکەم: تـاوێری ئـاگرین (Igneous rocks)، چینەکـانی کەڤـری ئـاگری لە ئەنجـامی سـاردبوونەوەی شـلەی ماگمـا (magma)، لە نزیک، یان لەسەر ڕووی زەوی دروست دەبن ( فارندون، ٢٠٠٩: ٢٦). بەهۆی گڕکانەوە، یـان بە هەر هۆکـارێکی دیـکە لە قـووڵایی زەویـیەوە هـاتوونەتە دەرەوە و پانتـاییەکی زۆریـان داپۆشـیوە (کـذلک، ٢٠١٨: ٧). کەڤـرە ئاگرینەکان کانزا و کریستاڵی زۆریان تێدا دەردەکەون، کە هەندێکیان وەک گەوهەر دەناسرێن.

دووەم: تاوێری نیشتەنی (Sedimentary rocks) تەنۆلکە و تۆز و گەردی سەرزەوی کە بەهـۆی بـا و ڕووبارەکـان بـۆ دەریاکان دەگوازرێنەوە، لە قوڵایی دەریاکاندا دەنیشن و چینی ئەستوور پێکدەهێنن بەهۆی پاڵەپەستۆ و گەرمـی و مـانەوەی ملیۆنان سـاڵەیان دەچـنە پـاڵ یەکتـری و چـین چین کەڤـری نیشـتوو دروسـت دەکەن (فارنـدون، ٢٠٠٩: ٢٨). لە ئێسـتادا بەشـێکی زۆری وشـکانی پێکـدەهێنن (کـذلک، ٢٠١٨: ٧). زۆربەی جـار کـەڤرە نیشـتووەکان بەبــەردوەکانیان تێـدا دەدۆزرێنەوە.

سێیەم: تاوێری گۆڕاو (Metamorphic rocks) کەڤرە نیشتووەکان، بە هۆی قـووڵی. یـان بەهـۆی نزیکییـان لە ماگمـای سەرکەوتوو ڕووبەڕووی پاڵەپەستۆ، یان گەرمی، یـان لە یەک کاتـدا ڕووبەڕووی پاڵەپەسـتۆ و گەرمـی دەبـنەوە، بەهـۆی مانەوەیان لەو دۆخەدا، دوای ملیۆنان ساڵ سروشتی کەڤرە نیشتوەکان دەگۆڕێـت و تـاوێری گـۆڕاو پێکـدەهێنن (فارنـدون ٢٠٠٩: ٣٠). بەرد و کانزاکان دووچاری گۆڕانی کیمیـایی و سـیفەتە فیزیاییەکـان دەبـن، بـۆ ئەوەی بەشـێوەیەکی باشـتر خۆیان لەگەڵ ژینگەکەدا بگونجێنن (درویش زادە، ١٣٨٢: ١).

هەر یەک لەم سێ جۆرە تاوێرە بەپێی شێوە و پێکهاتە کیمیاوی و فیزیکیی بەردەکان چەندین جۆری جیاوازیان هەیە. هەیانە بەردی بەنرخن و بە گەوهەر دادەنرێن، کە ئەمەش لەڕێی سیفەتە فیزیاییەکانیانەوە وەك شێوەی بلووری و ڕەنگ و ڕوونی و ڕەقی و هتد.. وەک گەوهەر، یان وەک نیمچە گەوهەر مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت

**١-٢ كانزا**

كانزا ماددەيەكی ڕەقی نائەندامييە و بە شێوەيەكی سروشتی لە زەويدا هەيە. پێكهاتەيەكی كيميايی تايبەتيی هەيە، كە لە چوارچێوەيەكی سنووردارادا ئەگەری گۆڕانی هەيە، بەڵام پێكهاتەيەكی بلووريی جێگيری هەيە، هەر بۆيە ناتوانرێ كانزاكان تەنيا لەڕێی پێكهاتە كيمياييەكانيان بناسرێنەوە، زياتر لە ڕێی پێكهاتە بلووريیەكەيانەوە مامەڵەيان لەگەڵدا دەكرێت ( ابراهيم، ٢٠١٤: ٨) هەر چەندە ژمارەی كانزاكان لە سروشتدا زۆرن، بەڵام بەشێكی كەميان بە گەوهەر هەژماردەكرێن

**١-٣گەوهەر**

ناوێكی گشتييە، هەموو بەرد و كانزايێكی ناوازە و بەهادار پێی دەگوترێت (گەوهەر). ناسين و بەكارهێنانی بەرد و گەوهەرەكان مێژوويەكی دێرينيان هەيە. جگە لەوەی وەك خشڵ بۆ جوانی و ڕازاندنەوە بەكاردێن، تێكەڵ بە بواری ديكەی وەك پزيشكی و فەلەكناسی و ئايينی و سيحر و جادووش بووە. گەوهەرەكان لە ڕووی پێكهاتەوە زۆر جۆريان هەيە، هەندێكيان بەرد و هەندێكيان كانزا و هەندێكيان پێكهاتەيەكی ئەندامييان هەيە و هەندێكيان پێكهاتەكەيان ناڕوونە (بن سيف،٢٠١٢: ٦). گەوهەرەكان لەڕووی بەهاوە جياوازن، ئەم بەهايەش بەپێی چەند تايبەتمەندييەكەوە دياردەكرێن:

١-٢-١ بێ خەوشی (purity): بێخەوشيی نيشانەی ناوازەيی و دەگمەنيی گەوهەرەكەيە، چونكە كەم گەوهەر هەيە خەوشی تێدا نەبێت، زۆربەی جار بەهۆی بوونی خەوش، ڕەنگی گەوهەرەكان دەگۆڕێت، بۆ نموونە زۆر دەگمەنە ياقووت و زمرود خەوشيان تێدا نەبێت ( ابداح. ٢٠١٦: ١٢).

١-٢-٢ ڕەقی، پتەوی (Hardness): بريتييە لە توانای بەرگريكردن لە ڕووشان و داخوران. بەهای بەرد بە ڕادەی پتەويی كانزا پێكهێنەرەكانيان دەخەمڵێندرێن. بەپێی پێوەری (مۆس[1]) بۆ پێوانی ڕەقی؛ تالك (Talk) پلەی (١) و ئەڵماس پلە (١٠)ی هەيە (كذلك، ٢٠١٨ :٢٨ ). لە بەرامبەر خەسڵەتی پتەوی، ترازان(Luster) و قڵيشان (Parting) هەيە، ئەم دوو خەسڵەتە پەيوەندييان بە لاوازيی بلووری، يان پەيوەنديی بە لاوازيی ناوخۆی گەرديلە كانزاپێكهێنەرەكانەوە هەيە، كە بەرگەی فشاری دەرەكی ناگرن.

١-٢-٣ چڕيی جۆری (Specific density) پێوەری چڕيی جۆريی گەوهەرەكان، بەهۆی چەند شلەيەكی چڕی زانراوەوە پێوانە دەكرێت، بۆ نموونە ئەگەر گەوهەرەكە لە شلەيەكی چڕيی (٤)دا سەركەوت و لە شلەيەكی چڕيی (٣)دا نقووم بوو، چڕييەكەی بە (٣.٥) مەزەندە دەكرێت (ابو نعيم، ٢٠١٠: ١٦)

١-٢-٤ پرشنگدانەوە، ڕەونەق (Luster): بريتييە لە تايبەتمەنديی ئەو كانزايەی، كە لە پێكهاتەی بەردا توانای تيشكدانەوەی هەيە. پرشنگدانەوە، يەكێكە لە خەسڵەتە گرنگەكانی جياكردنەوەی جۆری بەرد، پشت بە چەنديتيی بڕی تيشكدانەوەكەوە دەبەستێت، كە لە كانزاكەدا هەيە (كذلك، ٢٠١٨ :٢٤ ).

١-٢-٥ ڕەنگ (Color): لە ئەنجامی درێژيی شەپۆلی ڕووناكييەوە دەردەكەوێت، كە بەر كانزاكە دەكەوێت و كار لە تۆڕی چاو دەكات بۆ ئەوەی هەست بە ڕەنگەكەی بكات. ڕەنگ هۆكارێكی گرنگە بۆ لێكۆڵينەوە لە بەرد (كذلك، ٢٠١٨ :٢٥- ٢٦). هەندێك لە بەردەكان بەهۆی كانزا پێكهێنەرەكان ڕەنگێكی نەگۆڕيان هەيە، چونكە دەشێ هەندێك جار بەهۆی خەوشەوە ڕەنگی وەرگرتبێت.

١-٢-٦ بەرگەگرتن (Tenacity) بریتییە لە بەرگەگرتنی کشان و لێدانی بەرد، کە پەیوەندیی بە پتەویی گەوهەرەکەوە هەیە، ئاستی بەرگەگرتن پێوەرێکی گرنگە بۆ لێکۆڵینەوە لە جۆری گەوهەرەکان (کذلک، ٢٠١٨ :٣١ ). لە بابەتی ئەدەبیشدا ئەو سیفەتە وەک پێوەر بۆ ڕادەی کاریگەرییەکان خواستراوە.

## بەشی دووەم

## دەلالەتەکانی بەرد و گەوهەر لە دووتوێی شیعرەکانی(نالی)دا

لای زۆربەی شاعیرانی کورد و غەیرە کورد لە ڕوانگەی هونەرەکانی ڕەوانبێژی و وەک کەرستەیەکی جوان و بەهادار ئاماژە بە بەرد و گەوهەرەکان کراوە. هەندێک جۆری گەوهەرەکان لە ئاستێکی ناوازەیی بەرزدان. (نالی) لە دیوانەکەیدا ئاماژەی بە چەندین جۆری گەوهەرەکان کردووە،وەک:

### ٢-١ یاقووت (Ruby)

لە خێزانی کانزایی کۆراندۆم (Corundum)ە، لە دوای ئەڵماس بە ڕەقترین کانزا دادەنرێت، دوای خاوێنکردنەوە، ڕەونەق و جوانیی بە ڕەنگی جیاواز دەردەکەوێت (کذلک، ٢٠١٨: ١٣٥). یەکێکە لە گەوهەرە ناودارەکان، لەکۆنەوە مرۆڤ ئەو گەوهەرەی ناسیوە. لە قورئانی پیرۆزیشدا ناوی هاتووە، بۆ نموونە لە وەسفی ئافرەتەکانی بەهەشتدا هاتووە: (كَأَنَّهُنَّ الْيَاقُوتُ وَالْمَرْجَانُ) الرحمن(58) کە دەلالەت لە نازداریی ڕوونی و بێگەردی و ڕەنگە سەرنجڕاکێشەکانیان دەکات. یاقووت بەردێکی ئاگریی نیشتووی گڕکانییە، بەپێی پێوەری (مۆس) بۆ ڕەقیی کانزاکان، یاقووت (٩- ٩.٥) پلەیە. پێکهاتەیەکی بلووریی شەش ڕوویی هەیە و گۆشەی پرشنگدانەوەی لە نێوان (١،٧٦٦- ١،٧٧٤)دایە (عقیل، ٢٠٠٧: ٥٩٨). پێکهاتە بلوورییەکەی، ئەو هێڵانە لە یاقووتدا دەردەخەن، کە لە گۆشەکانی شەشپاڵووەکەیدا بەرجەستەدەبن و لە کاتی کەوتنە بەر ڕووناکی وەک تاڵەمووی باریک دەردەکەون، ئەمەش بە تایبەتمەندیی سەرەکیی ناسینەوە و جیاکردنەوەی یاقووتی سروشتی و یاقووتی دەستکرد دادەنرێت. لەڕوانگەی ڕەنگەوە چوار جۆری سەرەکیی هەیە و هەر یەک لەو جۆرە سەرەکییانە، چەند جۆرێکی لاوەکییان هەیە:

یەکەم: یاقووتی سوور (شەرابی، هەناری، ئەرخەوانی، پەمەیی، بەهرەمان، کۆراندۆمی ڕۆمی)

دووەم: یاقووتی زەرد (ڕەقیق، هەڵووژەیی، هەنجیری، نارنجی).

سێیەم: یاقووتی شین (وەنەوشەیی، لازۆردی، نیلی، کلی، زەیتی، سەفیر)

چوارەم: یاقووتی سپی (ئاویی، یاقووتی نێر، یاقووتی مێ، سەفیری سپی) (السید الجمیلی، ١٩٩٩: ٤٢). یاقووتی سوور لە هەموو جۆرەکانی دیکە ناوازە و ناودار و بەهادارترە، ڕەنگی سووریی یاقووت پەیوەندیی بە بوونی ماددەی (کرۆم) موە هەیە، هێندەی کرۆم لە پێکهاتەکەیدا هەبێت ڕەنگە سوورەکەی زیاتر و تۆختر دەبێت (عقیل، ٢٠٠٧: ٦٠٠).

(نالی) بۆ دەرخستنی بەهای جوانیی ڕەنگ، لێوی مەعشووقی بە یاقووت چواندووە،دەڵێ:

وەک دوڕ و یاقووت نەقشە دندان و لەبی ئاڵی

هەروەک بەرەزا پەخشە ئەگریجە لەسەر خاڵی (٧١٧).

شاعیر بەبەهاترین جۆری یاقووتی وەرگرتووە، کە (یاقووتی سوورە) بۆ ئەوەی بەهای رەنگی ئاڵی لێوی یارمان پێ بناسێنێ، کە لەپاڵ رەونەقی ددانە سپییەکانی وەک دووڕ وێنەیەکی جوانتر و گەوهەردارتری دەم و ددانەکانمان بۆ بەرجەستە دەکات.

نالی لە کۆکردنەوەی چەند گەوهەرێک بەیەکەوە، وێنەیەکی یەکجار جوانی ئەفراندووە، بۆ نموونە:

ئەی ئاهووی نادیدە بە تەئثیری مەهیبی

یا گەوهەری ئەصدافی یو یاقووتی دورووجی (دیوانی نالی:717)

شاعیر گوتاری دەقەکەی ئاراستەی یارەکەی کردووە،بەوەی چەشنی ئاسکێکی سامگرتووە ، کە خۆی پیشان نادات،لە نیوەبەیتی دووەمدا سەرسوڕمانی خۆی دەخاتەڕوو،بەوەی لە نێوان دوو جەمسەری بەردی بەهاداردا بە کامیانی بشوبهێنێت،بۆیە جارێک بە مرواریی ناو صەدەف و جارێکیش بە یاقووتی ناو قووتووی مجەوهەرات (دورج)ی چواندووە، کە بە هۆی بایەخەکەی و پارێزگاریکردنی باش هەڵدەگیرێت،لێرەدا بەهای مەعشووقی تا ئاستی گەوهەرەکان بەرزکردۆتەوە، کە لە پشت بینینیشەوە هەستی پێ بکات.

(نالی) کە باس لە یاقووت دەکات، وەک گەوهەرناسێکی شارەزا مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، بۆ نموونە:

چ شیرینە خوطوطی دەوری لێوت

بەڵێ مەعلوومە خۆشە خەططی یاقووت (١٥١)

بە واتای ئەو گەنەموانەت کە بەدەوری یاقوتی سووری لێوتەوەن،دەبێت چ جوانییەک ببەخشن،هاوکێشەی گەنەمووی رەش و یاقوتی سوور زۆر جوان هاوسەنگ کراون،مەلا عەبدولکەریمی مدرس ئاماژەی بەوە داوە کە (خەتی یاقوت)خەت خۆشێکی بەناوبانگ بووە، خەتەکە بە ناوی کەسەکە ناودار بووە،بۆیە دەڵێ:شتێکی راستەقینە نییە لەگەڵ شوبهێنراوەکەدا کۆیان بکاتەوە،ئەمە یەکێکە لە خاسیەتەکانی شیعری (نالی) کە کەمترین و بچوکترین پەیوەند با زۆر بە دیمەن و خەیاڵیش بێ،لە نێوان دوو شتا بەجێ ناهێڵێ بێ ئەوەی بۆ وشەئاراییی و مەعنا رێکخستن کەڵکی لێ وەربگرێ(بڕوانە:دیوانی نالی،1976: پەراوێزی 6 : 151). لە رێی بوونی هێڵ لە دەرکەوتەی سنووری لێوەوە،وەک چۆن یاقووتی رەسەن لە رێگەی بوونی هێڵی گۆشە شەشپاڵوویەکەی دەناسرێتەوە،لە رێی خەتی لێوەوە بەڵگەی رەسەنێتی گەوهەری لێوی یارەکەی دەسەلمێنێ،بەمەش لە بەها و نازدارییی لێوەکەی زیاتر کردووە،نالی رەنگی یاقووتەکەی سنووردار نەکردووە،ئەمەش وایکردووە کە وێناکردنێکی سەرڕێژی بەردەوام بە هەموو ئەو لێوە یاقووتییانە بدات،کە رەنگی جیاوازییان هەیە.

نالی یاقووتی سووری تەنیا بۆ لێو وەرنەگرتووە، لە نموونەیەکی دیکەدا، لەپاڵ گەوهەری دیکە، یاقووتی بۆ فرمێسکی خوێنین هێناوەتەوە:

مرواریی ئەشکم وەکوو یاقووتی رەوانە

ساقی بدە لەو لەعلە شەرابێکی عەقیقی (٦٥٦)

لێرەدا، فرمێسکەکانی جارێک بە مرواریی سپی و جارێکیش بە یاقووتی سوور چواندووە، کە بەهۆی سوور هەڵگەڕانی چاو فرمێدکەکان سوور دەچنەوە. لە نیوە بەیتی دووەمیشدا ڕووی لێکچواندن لە نێوان لێو و لەعل و عەقیقدا ڕەنگی سوورە، کە ئەمەش وایکردووە، لە ڕوانگەی ڕەنگەوە یاقووتەکە، جوانییەکی زیاتر بداتە دیمەنی بەراوردکردنی فرمێسکەکانی خۆی و لێوی سووری یارەکەی.

**٢-٢ بەردی بەقیمەت (الحجر الثمین) زمرد (Beryl)**

بەردێکی ڕەقە، لە پێکهاتەکەیدا (بریلیۆم و ئەلەمنیۆم و سلیکۆن و ئۆکسجین) هەیە. بەردی بەقیمەت لە بنەڕەتدا بەردێکی بێ ڕەنگە، بەڵام بەهۆی بوونی خڵتی جیاواز ڕەنگی (کەسک، شین، سوور، زەرد)ی هەیە. بەردی بەقیمەت بە زۆری ڕەنگێکی کەسکی تۆخی هەیە، هاوشێوەی یاقووت بلوورەکانی بەردی بەقیمەت شێوەیەکی شەشپاڵوویان هەیە، بەپێی پێوەری موس بۆ ڕەقی (٨) پلەیە. (کذلک، ٢٠١٨: ١٢٧).

(نالی) سیفەتی ڕەقیی لە بەردی بەقیمەتدا بۆ دڵی یار خواستووە:

گوتم ئەی ماهـ دڵی من بە دڵی خۆت بکڕە

گوتی من بەردی بەقیمەت بە کەبابی نادەم (٣٠٦)

وەرگرتنی سیفەتی ڕەقی لە نێوان دڵی مەعشووق و بەردی بەقیمەتدا، لێکچواندنێکی تێکهەڵکێشە لە نێوان مادی و مەعنەویدا، ڕەقی لە بەردی بەقیمەتدا خەسڵەتێکی ماددی و لە دڵی مەعشووقدا مەعنەوییە، کە وەک ئیدیۆم بە واتای بێباکی و بێ بەزەیی خاوەنەکەی دێت.

**٣-٢ عەقیق (Agate)**

وەک کانزایەکی سەربەخۆ دەرناکەوێت، بەڵکو لە چەند جۆرێک سیلیکا یان کوارتز دروستدەبێت، گەوهەرێکی لووس و بێ ڕەنگە و بە عەقیقی سپی ناسراوە ( STREETER, 1898: 235 ). عەقیق بەهۆی بوونی خەوش پێنج ڕەنگی هەیە: (سوور، زەردباو، شین، ڕەش، سپی) (السید جمیلی، ١٩٩٩: ٨٠) لە هەموویان دڵخوازتر ڕەنگی سوورە، کە بە هۆی ئۆکسیدی ئاسنەوە ئەو ڕەنگەی گرتووە (عقیل، ٢٠٠٧: ٤٧٠).

نالی لە بەیتەشیعرێکیدا و لە هێنانەوەی عەقیقدا، سووریی ڕەنگەکەی مەبەست بووە، کە لە شەرابی لێوێکی سووردا ڕەنگدەداتەوە:

مرواریی ئەشکم وەکوو یاقووتی ڕەوانە

ساقی بدە لەو لەعلە شەرابێکی عەقیقی (٦٥٦)

لەم بەیتەدا عەقیق هاوتای ڕەنگی سوور کراوە، شاعیر لە خواستنی عەقیق بۆ ڕەنگی شەرابەکە دەیەوێ بەهای ئەو شەرابە پیشانبدات و لەگەڵ گەوهەرێکی دیکەی وەک (لەعل) هێناویەتییەوە، کە ئەمەش جگە لەوەی عەقیق بۆخۆی گەوهەرێکی بەنرخە، لەگەڵ گەوهەری دیکەدا بەهایەکی زیاتری بە لێوی مەعشووقەکەی بەخشیوە. نالی هەر بەوەندەش

نەوەستاوە، لە سەودای ئەو لێوەدا ڕەواجی بە گەوهەری گرانبەهای دیکە داوە، جارێکیان مرواریی بۆ فرمێسکەکانی خۆی خواستووە و جارێکی دیکە بە یاقووتی ڕەوانی چواندوون.

نالی لە دەقێکی دیکەیدا عەقیقی لە ڕوانگەی ڕەنگ و بەهادارییەوە خواستووە، شانبەشانی فرمێسکی ڕوون، باس لە فرمێسکی خوێنینیش دەکات:

گوێت لە ئاوازی سروشکی من گرانیی گوارەیە

غافڵی لەم دوڕڕی بەحرەین و <u>عەقیقی</u> کانییە (٥٩٠)

خواستنی عەقیق بۆ فرمێسکی خوێنین، وێنەیەکی شیعریی بەرزە و دەلالەت لە گریانێکی زۆر و قوڵ دەکات، کە بووبێتە مایەی خوێن تێزان و سوور هەڵگەڕانی چاو بە ڕادەیەک، کە فرمێسکەکانی ناوی بە خوێن ڕەنگڕێژبن و وەک عەقیق پڕشنگ بدەنەوە.

**٤-٢ لەعل (البلخش) (Spinel)**

لەعل یەکێکە لە گەوهەرە بەنرخەکان و چەند جۆرێکی هەیە، بەناوبانگترینیان لەعلی ڕوممانی (البلخش الأناری)یە، ئەلەمنیۆم لە پێکهاتەکەیدا هەیە، بۆیە ڕەنگێکی سووری هەناریی هەیە. (السید الجمیلی، ١٩٩٩: ٥٨). لە کۆمەڵەی ئۆکسیدەکانە، سیستەمی بلووریی شەپاڵووە و خووی هەشت ڕوویی هەیە ( STREETER, 1898: 157 ). بەپێی پێوەری موس ڕەقییەکەی (٨) پلەیە زۆر جار بە هەڵە لە یاقووتی سوور جیاناکرێتەوە، لەعل بە زۆری لە بەردی گرانێتی و لە بەردی گۆڕاودا هەیە، پێکهاتەیەکی بلووریی هەشت لایی هەیە (عقیل، ٢٠٠٧: ٢٦٨) بەهای لەعل لە ڕەنگ و ڕەقی و پڕشنگدانەوە دایە، لە شیعردا زیاتر وەک کینایە بۆ لێوی ئاڵی مەعشووق ئاماژەی پێدەکرێت (عیسی، ٢٠٢٠: ٢٧). لە شیعرەکانی (نالی)دا، لەعل لە هەموو گەهەرەکانی دیکە زیاتر و (١٤) جار ناوی هاتووە. لە هەمووشیان زیاتر وەک کینایە، یان وەک خواستن، یان وەک لێچوو بۆ لێو ئاماژەی پێکراوە:

فەییاضی ڕیاضی گوڵ و میهر و مل و <u>لەعلی</u>

ئەی شەوقی ڕوخ و ذەوقی لەبت ذائیقە بەخشا (٧٦)

هەرچەندە ئەم بەیتە شیعرە، دەسپێکی شیعرێکە، کە وەك غەزەلێکی عیرفانی لێکدراوەتەوە، بەڵام دەتوانین (لەعل) وەك کینایە بۆ لێوی ئاڵ وەربگرین، چونکە لە نیوە بەیتی دووهەمدا، باس لەو چێژە دەکات، کە لێوێکی ئاڵ دەیبەخشێ. یان

ڕەنگ و ئەثەری شۆڕشی <u>لەعلی</u> نمەکیینە

ئەم ئەشکە کە بەم سووریی و سوێرییە دەڕێژم (٢٧٨)

یان

مرواریی ئەشکم وەکوو یاقووتی ڕەوانە

ساقی بدە لەو <u>لەعلە</u> شەڕابێکی عەقیقی (٦٥٦)

لەم دەقانەی سەرەوەدا، شاعیر لەعلی وەک کینایە بۆ لێوی ڕەنگ ئاڵی مەعشووق بەکارهێناوە، دانەپاڵی ڕەنگی لێو بۆ لەعل جگە لە وێکچوونی ڕەنگ، بۆ بەهای لەعل دەگەڕێتەوە وەک گەوهەرێکی بەنرخ و دڵخواز.

لە دەقێکی دیکەدا، نالی لە وەسفی لێوی یاری بێ وەفادا لەعلی وەک کینایە بۆ لەعلی بێ بەها وەرگرتووە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ، کە شاعیر گەوهەرناسە و گەوهەری ڕاستەقینە و گەوهەری قەڵپ لەیەکتر جیادەکاتەوە:

صۆفیی مەستووری ڕووت و موفلیسی خستە طەمەع

سەیری خاڵی بێ حیساب و ماچی لەعلی بێ بەها.......(دیوانی نالی:131).

نالی لە تەواوی شیعرەکەدا، بەگژ صۆفیی ڕیاکار و بێ وەفایی مەعشووقەدا چووەتەوە. لەم بەیتەشیعرەیدا، بۆ ئەوەی لەلایەك دوو ڕوویی صۆفی بەرجەستە بکات و لەلایەکی دیکە، بەها لە جوانی و شیرینیی لێوی یار دابماڵێت، کە پێشتر بە (لەعل)ی چواندووە، وێنەیەکی شیعریی بە کەرەستەی دژیەك دروستکردوە. ئەگەر بڕیارە صۆفی بە تەقوا پۆشتەبێ، ئەوە بە طەمەعی دونیا ڕووتی کردۆتەوە، دیارە کەسی موفلسیش بە طەمەع ناگات، بۆیە ئەگەر صۆفی بەڕیشی پان و سەر و مێزەرەوە خۆی لە حۆرییەکانی بەهەشت خۆشکردووە، ئەوە ئیفلاسیی خۆی دەرخست و بەدوای خاڵی ڕوو و لێوی ئاڵی دونیایی کەوتووە، لە بەرامبەردا لەعلی لێوی یارەکەی بە بێ بەها دەرخستووە،لێرەدا(بێ بەها)بە واتای بێ حیساب،چونکە شاعیر نەیویستووە دووجار (بێ حیساب)بەکار بهێنێت،کە هەردووکیان هاوواتان،مەلا عەبدولکەریمی مدرس ئاماژەی بەوەش داوەکە بەمجۆرەش بخوێندرێتەوە(بیبە+ها)بە واتای:ئەو ماچەی هیچی تێ ناچێ و حۆریی خاوەن لێو بە ماچ کەر دەڵێ:فەرموو،بەڵام بە لای ئێمەوە(بێ)یە نەک(بی)،بۆیە ئەم لێکدانەوەیە لە شوێنی خۆیدا نییە.

شاعیر لە چەندین شوێنی دیوانەکەیدا ئاماژەی بە بێ وەفایی یار کردووە، هەر لە تەواوی ئەو دەقە شیعرییەدا لە بەیتی دووەمدا هاتووە:

گوڵ بەدەم بادی صەباوە پێکەنی بولبول فڕی

یەعنی عاشق لازمە دوور بێ لە یاری بێ وەفا (١٢٩)

لەعل وەک گەوهەرێکی سەرنجڕاکێش لەچەند دەقی دیکەشدا، بەهۆی بەهاداری و ڕەنگ، بۆ لێو خواستراوە، بۆ نموونە:

شیرەیی جانە وتم یا مەیە چا بوو فەرمووی

عەکسی لەبی <u>لەعلی</u> <u>مەرجانە</u> لە فنجانمدا (٩٢)

شاعیر لەم وێنە شیعرییەدا گومانێکی سەرنجڕاکێشی دروستکردووە، ئەو فنجانەی بەدەممی یارەوەیە، شلەیەکی ڕەنگ سووری تیادا دەردەکەوێت، نازاندرێ کە ئەو شلەیە (مەی)، (شەراب)ە، یان (شیلەی گیان)و خوێنە و کراوەتە کاسە؟باش بوو یار لە وەڵامدا فەرمووی وێنەی لەعلی لێوی وەک مەرجانمە لەناو پیاڵەکەمدا،بە واتایەکی دیکە هیچیان نەبوو،بەڵکو لەعلی لێوی وەک مەرجانی کە نابووی بە لێویەوە و لێوی لە پیاڵەکەدا ڕەنگی ئەدایەوە.

بەڵام دەرچوو، هیچ کام لەوانە نین، بەڵکو ئاوێکی بێ ڕەنگە و بەهۆی سووریی لێوەکانی یارەوە کە وەك (لەعل)(مەرجان) وان، وا دەردەکەوێ.

یان

لەبەر خەندەی لەبی لەعلی ئەتۆ بوو

کەوا شەککەر دەباری گوڵ دەپشکووت (١٥٠)

لەم بەیتە شیعرەیدا نالی وێنەیەکی شیعریی جوڵاومان پیشان دەدات: بەهۆی خەندەوە لێوەکانی یار دەکرێنەوە و ددانە سپییەکانی دەردەکەون، لە ڕەنگڕێژکردنی دیمەنەکەشدا، شاعیر سیفەتی سووریی لەعلی بە لێوەکان بەخشیوە، لێکترازانی لێوەکانی بە کرانەوەی پەڕەکانی گوڵ چواندووە، بەبێ ئەوەی شاعیر باسی ڕەنگی گوڵەکەمان بۆ بکات، ئێمە بەهۆی وشەی (لەعل)ەوە ئەزانین کە گوڵەکە سوورە. لەبارینی شەکریشدا، دەکرێ مەبەست ددانە سپییەکان بێت و دەشکرێ شیرینیی دیمەنی خەندەکەی مەبەست بێت.

لە دەقێکی دیکەدا دەڵێ:

هەر لەبت یا سینەشت هەردوو بەدەرخە دا بڵێن

لەعلی ڕوممانیی هەیە یا لەعل و ڕوممانی هەیە (٥٧٥)

نالی لە خواستنی لەعل و لە نێویشیاندا لەعلی ڕوممانی، ئاشنایەتیی خۆی لە ناسینی گەوهەرەکان و لە نێویشیاندا گەوهەرە بەنرختر و ناوازەکان پیشان دەدات. هێنانەوەی لەعلی ڕوممانی و ڕوممانیدا دیمەنێکی جوانی ڕەگەزدۆزیی دروستکردووە.

نالی وەک ئاشنا بە جۆرەکانی لەعل، ئاماژەی بە لەعلی ڕەشیش کردووە:

دڵ سیاسەنگ نەبێ مائیلی خاکی وەطەنە

خاڵی لەعلی حەبەشە ساکینی بوردی یەمەنە (٥٢٤)

وەك لە شیعرەکەدا دەردەکەوێ (نالی) ئەم هەستەی لە غەریبیدا دەربڕیوە، ئەوەشی لێدەوەشێتەوە لەو ماوەیەدا گوترابێ، کە لەمەککەدا ژیاوە، جا ئەگەر وابێ، (سیاسەنگ) کینایەیە بۆ(بەردەڕەش)ەکەی کەعبە و داویەتییە پاڵ (دڵ)ی خۆی، ئەمەش لێکدانەوەی زۆر هەڵدەگرێت و دەلالەتی جیاوازی لێوە پەلدەهاوێژن: ئەگەر مەبەست سیفەتی ڕەقی و ڕەشیی بێت، ئەوە نەک هەر بەها بە (دڵ)ەوە ناهێڵێت، بەڵکوو چرووک و ڕیسواشی دەکات، بەڵام ئەگەر بەهای پیرۆزیی لە بەردەڕەشەوە وەرگرتبێ، ئەوە دڵ دەکاتە گەوهەرێکی بەهادار، هەر ئەمەش مەبەستی شاعیر بووە، بۆیە دڵی خۆی بە لەعل چواندووە، ئەگەر ڕەشیش بێت بەڵام لەعلێکی بەهادارە و لەناو ناخێکی سپیدایە. شاعیر لە دانە پاڵی سیفەتی ڕەقی و ڕەنگی ڕەش بە (دڵ) بەهۆی دوورییەتی لە زێدی خۆی کە (قەرەداغ) و بەواتای (کێوی ڕەش) دێت، هەروەک لە دوابەیتی غەزەلەکەدا هاتووە:

دڵی (نالی) کە ئەنیسی (قەرەداغ)ە ئێستەیش

داغی (سەرچاوە)وو (دێوانە)یی دار و دەوەنە (٥٢٧).

لەچەندین بەیتی دیکەش لە دیوانەکەیدا، ئەو هەستی دوورییەی بەرجەستەکردووە.

نالی جگە لە ناسینی جۆرەکانی لەعل، ئاشنایەتیی بە شوێن و ناوبانگی گەوهەرەکانیش هەیە، بۆ نموونە:

من گریە ئەتۆ خەندە بە یەکدی دەفرۆشین

من لەعلی بەدەخشان و ئەتۆ لوئلوئی لالا (١١٥)

بەدەخشـان (بەلـخەش): نـاوچەیەکە لە ئەفغانسـتان لە بەشـی ڕۆژهەڵات و لکـاو بە تورکسـتانی ڕۆژهەڵاتەوە، لە ناوچە شاخاوییەکانیدا کانی لەعلی زۆری لێیە(عارف، ٢٠٠٧: ٧٩١) لەم بەیتەشیعرەدا، ئەوەمـان بـۆ ڕوون دەبێـتەوە، کە (نالی) زانیاریی لەسەر ناوچەی بەدەخشان و زۆریی لەعل لەکانەکانی ئەم نـاوچەیەدا هەیە و لەعلـی بەدەخشـانیش، لەنـاو لەعلی شوێنەکانی دیکەدا پێگە و بەهای بەرزتریان هەیە.

سەودای ئاشقێکی وەك نالی لەگەڵ یارەکەیدا، سەودایەکی خاوە، ئەوەتا ئەو فرمێسـکی خـوێنین و یـاریش ددانـەکانی لەبـەر بزەو پێکەنین بەدەرەوەن. شاعیر لەعلی بۆ فرمێسکەکانی خـۆی خواسـتووە، نیشـانەی خواستنەکەشـی گریانـە. چونکـە لـە ڕاسـتیدا سـەودا بـە فرمێسـك ناکرێـت، لێـرەدا (نـالی) (لـەعل)ی بـە دوو مەبەسـت خواسـتووە: یەکـەمیان لەبـەر ڕەنگـە سوورەکەی، کە لەبەر گریانی زۆر چاوەکانی سـوور هەڵگـەڕاون و فرمێسـك لـە چاوەکانیـدا سـوور دەچنـەوە، دووەمیـان لەبەر (بەها)کەی، بۆ ئەوەی قیمەتی فرمێسکەکانی هاوتای ددانە مرواریییەکانی یار بکات و ڕەوایەتی بە سەوداکە بدات.

جگە لە لێو، نالی (لەعل)ی وەک لێچوو بـۆ بە بەنرخکردنـی شـتی دیـکەش بەکارهێنـاوە، بـۆ نمـوونە، لە وەسـفی خـاکی ڕێگەی مەککەدا،کە لێوی ئاڵیان تینووە بۆ دڵۆپێک ئاو،تێیدا دەڵێ:

لەبن خاکی مەغاکی ئاتەشینی <u>لەعلی</u> لەب تووشنە

لەسەر ئابی سەرابی سەروی سێرابی موغەیلانە (٤٩٢)

یان

شەفیری چاڵی شۆری هەر دەڵێی <u>لەعلی</u> نمەک پاشە

دەگونجێت، دەشێ سەوزیش بێت.

**٢-٩ مرواری لوئلوء (Pearle)** حەفیری چاهی وشکی هەر دەڵێی چاهی زەنەخدانە (٤٩٥)

شاعیر خاکی لماوی و لێواری چاڵە وشکەکانی بیابانی ڕێی مەکەی بە لەعل چوانـدووە و ڕووی لێکچوانـدنەکەش ڕەنگـی سوورە. لە هێنانەوەی لەعل بۆ لمی بیابان، بەرزکردنەوەی بەهای خاکی ڕێی مەککەیە.

لە وەسفی ئیلتیقای پۆلا و ئاسنیشدا، شاعیر ڕووکەشانە ڕەنگی سووری بۆ سەری ئاسنی نێو کوورەی ئاگر خواستووە:

ئەم بە چاو <u>دوڕڕ</u> و بەسەر <u>لەعلی</u> هەدییە بۆ دەبا

ئەو بە تف دەیکا بە میزابی شکستەی ئابشار (١٧٣)

**٢-٥ مەرجان - شیلان (Coral)**

زاراوەی مەرجـان لە (Margarita) ی لاتینـی وەرگیـراوە، گیانـدارێکە پێکهـاتەیەکی بە بەردبـووی کلسـیی هەیە، بەشـێوەی لقوپـۆپی دار یـان بە شـێوەی لـوولەیی، یـان وەک گـومبەدی گەورە بەرجەسـتە دەبـن (کـذلک، ٢٠١٨: ١٤٦). سیستەمی بلووریی سێگۆشـەیی و لەبزینەیـی هەیە، بەپێـی پێوەری مـۆس، ڕەقییـەکەی (٣.٥) پـلەیە ( STREETER, 1898: 239)مەرجـان چەنـد ڕەنگێکـی هەیە: (سـوور و سـپی و ڕەش) باوترینیـان مەرجـانی خوێنـاوییە، کە ڕەنگێکـی سووری هەیە(عقیل، ٢٠٠٧: ٥٥٥) مامەڵەکردنی مـرۆڤ لەگەڵ مەرجانـدا وەک گەوهەر، مێژوویەکـی کـۆنی هەیە و لە قورئانی پیرۆزیشدا ئاماژەی پێکراوە، لە باسـی دەریاکانـدا بـاس لە فەزڵـی بـوونی ئەو گەوهەرە بەنـرخە دەکـات: (یخـرج منهمـا اللؤلـؤ والمرجـان) الـرحمن (٢٢) لە ئـایەتێکی دیکەشـدا وەک لێچـوو بـۆ ئـافرەتە جـوان و نازدارەکـانی بەهەشـت هاتۆتەوە: (كأنهن الياقوت والمرجان) الرحمن (٥٨).

لە دیوانی نالیدا ناوی مەرجان وەک گەوهەرێکی ناوازە هاتووە:

یەمی دیدە پڕ لە <u>مەرجان</u> وەک یەشمی ئابدارە

شەبەیە شەبیهی زوڵفی سیاهی وەک زوخاڵی (٦٥٩)

نالی شارەزای ژینگە و جۆر و ڕەنگی مەرجانە، بۆیە لە خواستنی مەرجان بۆ فرمێسکەکانی یارەکەی، چاوی بە دەریا و فرمێسکەکانی ناویشی بە مەرجان چواندوون. لە دەقێکی دیکەشدا، چاوی خۆی بە دەریای عوممان و فرمێسکە خوێنینییەکانیشی بە مەرجان چواندووە:

چاوی من دەمدەم دەڕێژێ ئاوی صاف و خوێنی گەش

دا بڵێن دەریای عومانە دوڕڕ و مەرجانی هەیە (٥٧٣)

لێرەدا شاعیر دوو جۆر فرمێسک وێنا دەکات، فرمێسکێکی ڕوون و فرمێسکێکی خوێنین، بۆ بەهادارکردن و بەرزکردنەوەی بەهای ڕەنگیی فرمێسکەکانی، دوو گەوهەری بە دوو ڕەنگی جیاواز هێناونەتەوە. شاعیر لە بوونی گەوهەری دیکەی ڕەنگ سوور ئاگادارە، بەڵام لە هێنانەوەی مەرجان بۆ فرمێسک، پەیوەندیی بە وێناکردنی چاوی پڕ گریان و دەریایە.

نالی لە وێناکردنی (مەرجان) بۆ لێو، لە پەیوەندیی مەرجان و دەریا غافڵ نەبووە:

شیرەیی جانە وتم یا مەیە چا بوو فەرمووی

عەکسی لەبی لەعلی مەرجانە لە فنجانمدا (٩٢)

لەو دەقەدا فنجانی بە دەریا چواندووە و ڕەنگی سووری شلەی ناو فنجانەکەشی، بە ڕەنگدانەوەی لێوی سووری یار بەستۆتەوە، لێرەدا شاعیر مەرجانی وەک ڕەنگ وەرگرتووە، لەپاڵ ڕەنگەکەشدا بە هۆی بەرزیی نرخی مەرجان، لە بەهای لێوەکانیشی زیادکردووە.

**٢-٦ پیرۆزە (فیروز) (Turquoise)**

(فەیرۆز) و (ئیسحاقی)یشی پێدەڵێن. پێکهاتە کیمیاییەکەی بریتییە لە ترکواز (فۆسفاتی ئەلەمنیۆمی مسی)(السید جمیلی، ١٩٩٩: ٧٦) بە شێوەی چینی نیشتوو یان دەنکۆڵەی پەرت و بڵاو لە بەردی نیشتووی گڕکانەکاندا هەیە، ڕەنگێکی شین، یان سەوزێکی شینباوی هەیە، کانزایەکی ورشەداری نیمچە ڕوونی مۆمییە (ابراهیم. ٢٠١٢: ٣٢٩). لە کۆنەوە و لە کەلتووری زۆربەی گەلاندا بە گەوهەرێکی پیرۆز ناسراوە (شیت، ٢٠٠٦: ١٧٦٧) لە کلتووری کوردیشدا بۆ چاوزار وەک لەپکەشینە بە لانکە یان بو کۆچەک و قونداغە و بەرۆکی منداڵانەوە هەڵیان واسیوە.

(نالی) لە وەسفی گوێدرێژەکەیدا، ڕەنگی خۆڵەمێشییە شینباوەکەی بە (پیرۆزە) چواندووە و ڕووی لێکچواندنەکەی لە خەسڵەتی ورشەداری کۆکردۆتەوە، کە دەلالەت لە خاوێنیی لاشەی گوێدرێژەکە دەکات:

زەرق و زەراقیی وەکو خاکستەر ئەمما بێ غوبار

بەرق و بەڕاقیی وەکو پیرۆزە لاکین بێ کرێژ (٢٢٦)

شاعیر لە تەواوی ئەو وەسفانەی بۆ گوێدرێژەکەی دەیکات، دەیهەوێ پێمان بڵێ چەند کەرێکی ناوازە و بەهاداری هەیە، هەر بۆیە بە گەوهەرەکانی دەچوێنێ، لە وەسفی سمەکانیشیدا، (یەشم)ی هێناوەتەوە.

**٢-٧ یەشم**: لە کۆنەوە ناسراوە، چینی و ژاپۆنییەکان بە (بەردی ئاسمان) ناویان هێناوە و بە هەوێنی شکۆ و بوێری و دادپەروەری و چاکەیان زانیوە، لە بواری تەندروستیشدا وەک بەردێکی سیحری مامەڵەیان لەگەڵدا کردووە، هەر ئەمەش وایکردووە، لە ڕووی داراییەوە لە (زێڕ) بە نرختر بێت (عقیل، ٢٠٠٧: ٦٢٤). یەشم لە کۆمەڵەی سیلیکاتەکانە، بەپێی پێوەری مۆس ڕەقییەکەی (٧) پلەیە ( STREETER, 1898: 280 .) چەند ڕەنگێکی ورشەداری هەیە، سەوزەکەیان لە هەموویان بەنرخترە.

(نالی) جگە لە بەهادارکردن، لە ورشەداریدا سمی گوێدرێژەکەی لە (یەشم[٢]) چواندووە:

سم وەکو پەشم و لە پەشم و تووکی پێ دا سەرنگوون

چاو وەکوو بیجادە یا دوو شەوچراغی شوعلە ڕێژ (٢٢٦)

شاعیر دێتە سەر وەسفی (چاو)ی گوێدرێژەکەی و ئەویش بە جۆرە گەوهەرێکی دیکە دەچوێنێ کە (بیجادە)یە،

**٢-٨ بیجـادە (البـنفش)** (Garnet): نـاوەکەی لە زاراوەی لاتینیـیەوە وەرگیـراوە، کە بە واتـای دەنـکە هەنـار دێـت، پێکهـاتەیەکی شەشـپالوویی هەیە، ئـاودار و ورشـەدارە، پێشـتر بە (عەقیقـی سـوور)یان زانیـوە (عقیـل، ٢٠٠٧: ٣٠٩ – ٣١٠). بە زۆری ڕەنگێکی سووری تاریی هەیە، بۆیە پێیدەڵێن بیجادەی هەناری، ڕەنگی وەنەوشەیی سووربـاویشی هەیە، (سـلیکاتی ئەلەمنیـۆم و ئاسـن) لە پێکهاتەکەیانـدا هەیە (السـید جمیلـی، ١٩٩٩: ٦٤) بیجـادە ڕەنگـی سەوزیشـی هەیە، لە کـۆنەوە ناسـراوە و لە تـابلۆ ئاشـوورییەکاندا نـاوی هـاتووە (شـیت، ٢٠٠٦ : ١٧٦٩) بە بیجـادەی ڕۆژهەڵاتـی ناسـراوە، پێکهاتە کیمیاییەکەی بریتییە لە (سلیکاتی کالیسـیۆم و ئەلەمنیـۆم) (السـید جمیلـی، ١٩٩٩: ٦٤). لەبەر نـاوازەیی بیجـادەی سەوز لە ڕووی نرخەوە لە جۆرەکانی دیکە بەهادارترە.

(نالی) لە وەسفی چاوی کەرەکەیدا بیجادەی وەک سیفەتی ڕەونەقداری و ورشەداری بەکارهێناوە:

چاو وەکوو <u>بیجادە</u> یا دوو شەوچراغی شوعلە ڕێژ (٢٢٦)

هەرچەندە لەو دەقەدا شاعیر ئاماژەی بەڕەنگەکەی نەکردووە، بەڵام هاوتاکردنی لەگەڵ شەوچراغ، ڕەنگی بیجادەکە زیاتر لەگەڵ وەنەوشەیی سووورباو

لە عێراقی کۆندا بە (چاوی ماسی) ناوی هاتووە، بریتییە لە گەوهەرێکی خڕ، لە دوو توێی گیانداری سەدەف (المحار) لە ئەنجامی بـوونی وردە لـم وەک سیسـتەمێکی بەرگـری لە نـاو لەشـیدا بە دەردانـی (کۆنکیـۆلین و کاربۆنـاتی کالیسـیۆم) دروست دەبێت (شیت. ٢٠٠٦: ١٧٧١). لە هەر سەدەفێکدا دەشێ چەند دانەیەکی مرواری هەبێت، بەڵام ئەگەر تەنیا یەک مـرواری دروسـت بکـات، مرواریـی یەکـدانە(الیتیم)ی پێدەگوترێت: ئەو مـرواریيەیە، کە بە تەنیـا لە صـەدەفدا دروسـت دەبێت، بەو واتایەی کە لە قەبارەدا گەورەیە، ئەمەش وایکردووە دڵخواز و بەهـادار و ئـاودارتر بێـت. (مرواریـی یەکتـا) یان (دوڕڕی یەکدانە) شی پێدەگوترێت(عارف، ٢٠٠٧: ٣٩٩).

نالی (مرواری)ی وەک گەوهەریکـی بەهـادار لە ڕوانـگەی ڕەونەق و ڕەنـگ و بێخەوشـی و وردی وەک سیفەت بـۆ چەند لەوچوویەک وەرگرتووە. بۆ نموونە:

مرواریی ئەشکم وەکوو یاقووتی ڕەوانە

ساقی بدە لەو لەعلە شەڕابێکی عەقیقی (٦٥٦)

یان

لەئالیی ئەشکی (نالی) بێ کەسە غەڵطانی نێو خاکە

مەگەر سەمعی قەبووڵت موشتەریی لوولوویی لالا بێ (٦٠٢)

شاعیر فرمێسکەکانی خـۆی بە (مـرواری) چوانـدووە، ویسـتوویەتی بەهـای فرمێسـکەکانی بخـاتەڕوو و خەسـڵەتەکانیشـی هاوتای بێگەردی و ئاودارییی مرواری کردوون.

لە نموونەیەکی تردا دەڵێ:

(برق البصر) لەبەر بەرق تەلەئلووئی لەئالی

(خسف القمر) لە ئیشراق قیامەتی جەمالی (٦٥٧)

شاعیر لەو بەیتەدا سیفەتی تیشکدانەوە و ڕەونەقی لە مرواری وەرگرتووە، کۆکردنەوەی سیفەتەکە لە کۆمەڵێک مرواری (لەئالی)دا، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە وێنەی باق و بریقی ددانە سپییەکانی مەعشووقەکەی بەرجەستە بکات.

(نالی) سیفەتی وردی و صافیی لە مرواری وەرگرتووە و داویەتییە پاڵ وشە و زاراوەکانی ناو دەقە شیعرییەکانی، بۆ نموونە:

نوصحی نالی ڕەنگە هەر کەس بیبیێ بیکاتە گوێ

چونکە نەظمی صاف و وردە هەروەکوو مروارییە (٥٨٢)

شاعیر شیعرەکانی خۆی هاوتای مرواری کردوون، وێنەیەکی ناوازەی لە نێوان گرتنەگوێی شیعرەکان و گرتنەگوێی مرواری لەگوارەدا دروستکردووە.

تاقانە یەتیمی خەلەفی ئاخری نیسان

تۆ خۆش بی صەدەف بوو بەفیدات دوور بی لە ئافات (١٣٨)

نالی لەڕوانگەی تێگەیشتنی (ئەرستۆ) و فەیلەسووفە عەرەبەکان لە دروستبوونی مرواریی ڕوانیوە. بە (دوڕ) ناویان هێناوە: لە دەریا (ئۆقیانۆس)دا دروستدەبێت، لەگەڵ هەڵچوونی دەریادا، شەپۆڵەکان گیاندارە (سەدەف – المحار)ەکان دەگەیێننە سەر ڕووی دەریا، شەپۆڵەکان دڵۆپە ئاو دەپرژێنن، یان دڵۆپەکانی باران هاوشێوەی چوونە ناو زێ (ڕەحم) دەچنە ناو لەشی سەدەفەکان و دەبنە دوڕ (ابراهیم، ٢٠١٦ : ٤٢، ٥٢، ١٠١). لە شەرحی دیوانی (نالی)شدا هاتووە: "صەدەف گیانلەبەرێکی دەریاییە لە بەهاراندا دێتە سەر ئاو و سکی ئەکاتەوە، دڵۆپی بارانی تێئەکەوێ، ئەنجا سکی ئەنێتەوە بە یەکدا، ئەو دڵۆپە بارانانە لە سکیا ئەبن بە مرواری. جا ئەگەر پتر لە دڵۆپێکی تێکەوتبوو، پتر لە مرواریەکی تیا پەیدائەبێ، ئەگەر تاقە یەک دڵۆپیشی تێکەوتبوو تاقانە مرواریەکی لێ پەیدا ئەبێ و ئەو مرواریە زۆر گرانبەها ئەبێ، ئێستا هەرچیی زۆر نایاب و گرانبەها بێ، پێی ئەوترێ (دوڕی یەتیم)" (دیوانی نالی، ١٣٨٦ : ١٣٨)

**٢- ١٠ دوڕ**

دوڕ وەک گەوهەرێکی ناوازە، بە ڕوونی و بێگەردی ڕەقی و جوانی ناسراوە، دوڕی نەجەفی لە هەموویان ناودارتر و بەهادارترە (عیسی، ٢٠٢٠: ٣٥). دوڕی نەجەفی کە (مەها)یشی پێدەگوترێت، بەردێکی بلووریی ڕوونی بێ ڕەنگە، پلەی ڕەقیی (٧) مۆسە و پێکهاتەیی بلووریی شەش لایی هەیە، هەروەک لە ڕووی جۆرەوە (دوڕی هیندی و دوڕی خوراسانی و دوڕی مەدەنی)یشی هەیە (عقیل، ٢٠٠٧: ٣٢٦- ٣٢٧).

لە فەرهەنگی (المعانی الجامع)دا، دوڕ بەواتای مرواریی گەورە و بەبەها هاتووە. نالی لە شیعرەکانیدا (دوڕ) ی بۆ هەمان مەبەست وەرگرتووە. بۆ نموونە:

بۆ فەوتی صەدەف حەیفە بڕێژی دوڕەری ئەشک

ضایع مەکە دورِدانە بە غارات و خەسارات (١٣٨)

لەم بەیتەدا، شاعیر فرمێسکەکانی مەعشوقی بە (دورِ) چواندوون، لەبەر ئەوەی فرمێسکەکان زۆرن وشـەی (دورِەرِ) ی بەکارهێناوە کە بە واتای کۆی (دورِ) دێت. لە هەمان دەقدا (دورِدانە)شی بەکارهێناوە، کە مەبەستی (مرواریی یەکدانە)یە، کە مروارییەکی گەورە و بەهادارە، وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا بە دورِی یەکدانە، یـان (دورِی یەتـیم)یش نـاوی هـاتووە. شاعیر لە نێوان سەدەف و (دورِ) بە واتای مرواری دیمەنێکی گونجاوی وێناکردووە.

(نالی) لە دەقێکی دیکەشدا، کە دورِی بۆ فرمێشک خواستووە، چاوی خـۆی بە دەریـا چوانـدووە. (دورِ)ی لەپـاڵ مەرجـان هێناوەتەوە وەک دوو گەوهەری دەریایی، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە، کە لای نالی مەبەست لە(دورِ) مروارییە.

**٢- ١١ بلوور:**لە زۆربەی ناوچەکاندا هەیە،بە هۆی بوونی خەوش لە پێکهاتەکەیدا،ڕەنگی جۆراوجۆر وەردەگرێت،وەک: (زەرد،وەنەوشەیی،شین،قاوەیی)هەرچەندە بە گەوهەرێکی تەواو دانانرێت ، بەڵام بە هۆی جوانی و سەرنج ڕاکێشییەکەیەوە بۆ ڕازاندنەوە بەکاردەهێنرێت(عقیل،2007: 567)

نالینالی بلووری وەک بەردێکی لووس و وورشەدار وەرگرتووە و داویەتییە پاڵ ڕەنگی سپی پێست،بۆ نموونە:

کاسێکی بلوورینی نخوونی لە سەرا بێ

نەختێکی لەبەر مەوجی لەطافەت قڵەشابێ(دیوانی نالی: 610).

لێرەدا پێستی وورشەداری عەورەتی مەستوورەیە،کە وەک کاسەیەک سەرەونخوون کراوە درزێکی تێدایە،وورشەدارییەکەی چەشنی وورشەی شوشەیە،چونکە بلوور لە ڕووی لووسی ڕەنگەوە،بە شوشە دەچێت.

یان

شوعاعی ڕووت لە گەردندا دیارە دڵ دەسووتێنێ

بنازم بەم تەجەللایە چ خورشید و بلوورێکە (٤٥٩)

لە هەردوو نموونەکەدا شاعیر بلووری لە ڕوانگەی لووسی و بێگەردی و ورشەداری وەرگرتووە.

**٢-١٢ شەبە (شەوە)**

لە دیوانی (نالی)دا،(شەبە: شەوە) بە مووروویەکی ڕەش ڕاڤەکراوە. لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەشـدا، یەکێـک لە واتاکـانی شـەوە، بـریتییە لە "بەردی ڕەشـی بەنـرخ" نـالی لە دیوانەکەیـدا یەکجـار ئامـاژەی بە شـەبە کـردووە. زوڵفـی مەعشووقی بە (شەبە) چواندووە، لە دەقەکەشدا ئاماژەی بە ڕووی لێکچواندنی شەبە و زوڵف کردووە کە ڕەشییە:

یەمی دیدە پڕ لە مەرجان وەک یەشمی ئابدارە

شەبەیە شەبیهی زوڵفی سیاهی وەک زوخاڵی (٦٥٩)

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە شـاعیر لە هێنـانەوەی (شـەبە)دا، جـگە لەبەهـادارکردنی زوڵـف، مەبەسـتی ڕەنـگەکە بووە، دەنا هیچ ڕوویەکی لێکچواندن لە نێوان موور (مۆری) و زوڵفدا نییە. بـۆیە دەکـرێ هەر بەردێکـی بەنرخـی ڕەنـگ

ڕەش بە (شـەبە) بزانـرێ وەک ئەوەی لە فەرهەنگـی هەنبـانە بـۆرینەدا هـاتووە و تـایبەت نەکـراوە بە جـۆرە بەردێکـی دیاریکراو. لە سەرچاوە عەرەبییەکاندا ئاماژە بە (المرو)کراوە، کە مەبەست (کـوارتزی خۆڵەمێشـی و ڕەشـە)، (مەهـا) و (بلوور)یشـی پێـدەگوترێت، هەمووشـیان جـۆرێکن لە کـوارتز، بەپێـی بـوونی خەوش ڕەنگـی جیـاواز وەردەگـرن، وەک (زەرد، قاوەی و وەنەوشـەیی و سـەوز و خۆڵەمێشـی)(عقیل، ٢٠٠٧: ٦٦٧)، دەشـێ (نـالی) ئاشـنای ئەو جـۆرە کـوارتزە ڕەنگ خۆڵەمێشییە بریقەدارەش بووبێ، کە (المرو)ی پێدەگوترێت و بە زوڵفی مەعشووقەکەی خۆی چواندبێت.

شـەوە مـوروویەکەی ڕەشـە،نەرمە لە جـۆری کەهرەمـان و کارەبـا،کە دەیخشـێنیت لە دەسـت نەرمە،هەمـوو ژنـی کـورد هەیانبووە.



**٢- ١٣ زێڕ (زەڕ)**

زێڕ یەکێکە لەو کانزا بەنرخانەی کە مرۆڤ لە دێرزەمانەوە ناسیویەتی و وەک خشڵ مامەڵەی لەگەڵـداکردووە و وەک دراو بەکاری هێناوە. زێڕ لە ناو بەردەگڕکانییەکـان، یـان لە بەردی نیشـتوودا هەیە (بـن سـیف. ٢٠١١: ٤١). زێـڕی بـێ خەوش ڕەنگێکی زەردی هەیە و بە زۆری لە کەرەسـتەی ڕازانـدنەوەدا بەکاردێـت. زۆربەی جـار بـۆ گـۆڕینی ڕەنـگ و زیادکردنی پتەویی لە خشلکاریدا، کانزای دیکەی وەک زیو و پلاتین و نیکڵی تێکەڵ دەکرێـت (عقیـل، ٢٠٠٧: ٣٧٨). لە کۆمەڵەی کانزا ڕەسەنەکانە، سیستەمی بلووریی شەشپاڵووە خووی هەشت ڕوویی و دوازدە ڕوویی هەیە، بەپێـی پێـوەری مۆس ڕەقییەکەی (٢.٥ – ٣) پلەیە ( STREETER, 1898: 114 ). زێڕ لەناو شیعر و ئەدەبیاتیشدا جێی بایەخە و وەک ڕەمزی بێخەوشی و وەک گەوهەرێکی بەهادار و ناوازە بۆ لێکچواندن ئاماژەی پێکراوە.

نالی لە وەسفی ڕەحمەتی خودادا ئاماژەی بە (بەردەڕەش) کردووە، کە چۆن وەک زێڕ نرخ و بایەخی پەیداکردووە:

بەو ڕەحمەتە عاممەت کە دەکا <u>سەنگی</u> سییەهـ <u>زەڕ</u>

لەم قەلبە کە وەک بەردە ڕەشە (ڕش ڕشاسا) (٧٧)

شاعیر لە هێنانەوەی (زێڕ)دا، مەبەستی بەها پێدان و ڕەواج و دڵخوازییە، دەنا کەس بەلای بەردێکی ڕەشدا ناچێت.

نالی لە بەیتەشیعرێکیدا، جگە لە بەهاپێدان، خەسڵەتی تیشکدانەوەی لە زێڕ وەرگرتووە:

کەوا <u>زەڕتایی</u> یەکتایی دەڵێی خورشیدی ئافاتە

مەڵێ خورشیدی ئافاتە بڵێ میهری کەوا تاقە (٤٥٥)

شاعیر لەوەسفی یارەکەیدا لێکچواندنێک لە نێوان باق و بریقی کەوای یار و تیشکەکانی خۆردا دەکات و دواتر ڕەونەقی هەردووکیان بە خودی یارەکە دەبەخشێت، لەمەشدا (نالی) بەهای لێکچواندنەکەی دوو هێندە بەرزکردۆتەوە.

نالی (زێڕ)ی وەک پێوەری بەها و جوانی بۆ بەراوردکردن بەکارهێناوە:

مەخزوونی ڕوقعە حەببە بە حەببە لە کەففەدا

خالیص دیارە مس کە مسە عەینی زەڕ زەڕە (٤٤٥)

شاعیر لەبەراوردکردنی چاکە و خراپە لە تای تەرازووی کردەوەکانی مرۆڤدا، زێڕی بۆ کردەوەی چاکە و مسی بۆ کردوەی خراپە خواستووە، کە لە دەفتەری کردەوەکاندا بە ڕوونی دیارن.

زۆربەی جار (زێڕ و زیو) وەک دوو گەوهەری بەنرخ بەیەکەوە ناویان دێت، یان بەیەکەوە لەجیاتی ناوە گشتییەکەی (خشڵ) بەکاردێن:

لایقی مەخزەنی طەبعە هەمو کەنزی غەزەلم

قابیلی ضەربی ڕەواجە زەڕو و زیوی مەثەلم (٢٨٨)

یان:

صاحێب زەڕ و زیوی کە فریبی عوقەلابێ

ئیکسیری طەلای ئەحمەری چەند قەطرە لە لا بێ (٦١٩)

شاعیر لە هێنانەوەی (زێڕ و زیو) بەیەکەوە مەبەستی خشڵە، لە هەردوو دەقەکەشدا وەک دراو و کەنزێکی گران بەها و سەرنجڕاکێش تەوزیفی کردوون.

وەک پێشتر لە بابەتی (لەعل)دا، نالی یاری بێ وەفای بە (لەعلی بێ بەها) چواندبوو، لەم بەیتەشیعرەشدا بە (زێڕی مەغشووش)ی دەچوێنێ:

مەغشووشی زەڕە عاجزی زیو دەرهەمی دیرهەم

بۆچ تێکچووە صۆفی کەرەبۆز بۆ غەمی باری (٦٤٩)

لەبەیتی پێشتر (نالی) دەڵێ:

وای فەرموو کە ماچت نەدەمێ ڕووڕەشی تۆبم

ئەم ساڵە بە جێ جێ ئەثەری وەعدەیی یاری (٦٤٨)

شاعیر ڕووڕەشیی یاری بێ وەعدی وەک زێڕی مەغشووش وێناکردووە. لە تەواوی دەقەکەدا ئەوەی لێ دەفامرێتەوە، کە کەسێکی صۆفی پەیوەندیی بە لێکدابڕانی نالی و مەعشووقەکەیەوە هەبێت.

جگە لە زاراوەی (زێڕ) نالی وشەی (تەڵا)یشی بەکارهێناوە، کە بە واتای زێڕ دێت:

یا تازە هەنارێکی کەناری گوڵی مابێ

بێ درز و قڵێش میثلی شەمامێکی تەڵا بێ (٦١٧)

شاعیر لەم نموونەیەی سەرەوەدا، ئەوەمان بیردێنێتەوە، کە زێر لە دروستکردنی پەیکەر (تمثـال)ی کەسـایەتی و شـتی جوان و ناوازەدا بەکارهاتووە.

**٢- ١٤ زیو**: ڕەنگێکی سپیی بریقەداری هەیە، لە کانەکاندا بەشێوەی دەنکۆڵە، یان تەل دەردەهێنرێت. لە خشڵکاریدا لەگەڵ کانزای دیکە تێکەڵ دەکرێت، بە تایبەتی زێڕ (عقیل، ٢٠٠٧: ٤٩٣). لە شیعری کلاسیکیدا زاراوەی (سیم)یشی بۆ بەکارهاتووە. نالی لە شیعرەکانیدا زیاتر لەبەر سیفەتی سپییەتی و ڕەونەقداری، یان وەک پارە و سامان وەریگرتووە:

یا کۆمەڵە زیوی بوخەلا دوور لە سەخا بێ

موغلەق بە بەخیلی بە مەثەل مشتی مەلا بێ (٦١٠)

لێرەدا شاعیر زیوی وەک پارە و سامان هێناوەتەوە. پێشـتریش ئامـاژەی پێکـرا، کە لەگەڵ زێـردا دەلالەتـی وەک کەنـز و سامانی بەخشیوە.

نالی لە هێنانەوەی (زیو)دا سیفەتی ڕەونەقداری و ڕەنگییشی وەرگرتووە:

قاڕوونە فەلەک موستەحەقی گرتن و خەسفە

زیو و زەڕڕی شەمس و قەمەرە دیرهەمی کەوکەب (١٣٥)

جیلوەی ڕەنگی سپیی بۆ ڕۆژ و ئەستێرەکان و جیلوەی زێڕیشی بۆ مانگ بەکارهێنـاوە. هەروەک زاراوەی (سیم)یشـی بـۆ سیفەتی ڕەنگ و جیلوەی زیو بەکارهێناوە:

سیمین بەدەن و سەرو قەد و لەنجە تەذەرون

کافر نیگەهـ ڕەشک لە بوتخانەیی چینن (٣٣٨)

یان

دندان گەوهەر و لەب شەکەر و پەنجە بلوورن

نازک بەدەن و موو کەمەر و سیم سرینن (٣٣٩)

نالی لە غەزەلێکیدا دوو جار وشەی (سیم) ی بۆ وەسفی جیلوە و سـپێتی لەشـی ئافرەتـدا بەکارهێنـاوە. لە وەسـفی ئەنـدامی مێینەی مەستوورەشدا (سیم)ی بۆ هەمان مەبەست بەکارهێناوە:

یاخود وەکو خۆی شاهیدە با وەصفی وەها بێ

سیمین مەمکێکی هەکە تازە هەڵیدابێ (٦١٧)

**١-١٥ مووور(مورووو)**

(مۆری)یشی پێدەگوترێت، موور گەوهەرێکی دیار نییە و دەشێ زۆربەی بەرد و کانزا ڕەقەکان مووریان لێ دروست بکرێت،لە ملوانکە، یان بۆ ڕازاندنەوە لە کڵاو و جل و بەرگدا چەسپ بکرێن. نالی لە دەقێکدا مووری بەکارهێناوە:

خۆش لەسەر سینەی سەری هەڵداوە دوو گۆی سەر بە موور

مات و حەیرانم کە عەرعەر کەی هەناری گرتووە (٥٣٨)

موور: هەرچەندە لە شەرحی دیوانی نالی دا بە (مۆر) هاتووە، واتا کەس دەست بۆ نەبردوو، یان گۆی مەمک. جگە لەو لێکدانەوەیە، وێناکردنی دوو گۆ و چواندنی بەهەنار، مەبەست لە گۆی مەمکە، کە وەک دوو موور دەردەکەون،واتە بە شێوە و قەبارە تەنها گۆی مەمکەکە لە چەشنی مت و مووروودان، بەمەش وەک زۆربەی وەسفەکانی دیکە، شاعیر خشڵ و گەوهەری بۆ ڕازاندنەوە و بەهادارکردنی ئەندامەکانی لەشی مەعشووقەکەی پەیڕەوکردووە،هەردوو لێکدانەوەکە هەڵدەگرێت.

**١-١٦ گەوهەر**

هەموو بەردێکی گرانبەها و ناوازە گەوهەرە، بەو واتایەی (گەوهەر) ناوێکی گشتییە، بەڵام زۆرجار ئەم ناوە گشتییە لە جیاتیی یەک جۆر بەکاردێت بۆ نموونە:

ئەی ئاهووی نادیدە بە تەئثیری مەهیبی

یا گەوهەری ئەصدافی یو یاقووتی دورووجی (٦٣٩)

لێرەدا گەوهەر لە جیاتیی (مرواری) بەکارهاتووە، چونکە لە مرواری زیاتر لە ناو صەدەفدا نییە، بەڵام دەکرێ لە (دورج)دا جگە لە یاقووت گەوهەری دیکەش هەبێت.

یان

لەکن ئەو جەوهەرە فەردە لە هەیوولا نییە باس

لە حیکەم پەروەریی بووعەلی سینا نییە باس (٢٣٣)

جەوهەری فەرد (گەوهەری یەکدانە) لە جیاتیی (مرواریی یەکدانە) بەکارهاتوون، کە بەراورد بە مرواریییەکانی دیکە بەهایەکی زیاتری هەیەوە بەنرخترە، چونکە قەبارەیەکی گەورەتری هەیە.

لە تەواوی شیعرە کوردییەکانی (نالی)دا، گەوهەر وەک سیفەتی ناوازەیی و گرانبەهایی بەرجەستە دەبێت، بۆ نموونە، لە وەسفی ئەندامی مێینەی (مەستوورە)دا دەڵێ:

دورجێکی موجەوهەر کە هەموو حوسن و بەها بێ

دوڕڕێکی مونەووەر کە هەموو ئاوی صەفا بێ (٦١٦)

شاعیر بۆخۆی ئاماژەی بە (بەها)ی موجەوهەرات کردووە و وەک کینایە بۆ بە بەهاکردن وەریگرتووە.

یان:

بۆ گریەیی تۆ ڕەنگە منیش هێندە بگرییەم

گەوهەر بڕژێنین بە بوڵندی قەد و باڵات (١٣٩)

لەم بەیتە شیعرەدا (نالی) گەوهەری بۆ فرمێسک خواستووە، بەڵام وەک بەیتەکانی دیکە ئەوەمان بۆ ڕوون ناکاتەوە، کە فرمێسکەکان چ جۆرە گەوهەرێکن! شاعیر مەبەستەکەی لە بەهادا پوختکردۆتەوە، کە ڕشتنی فرمێسکەکان زۆر لەوە بەهادارترن، کە بۆ فەوت و وەفاتی کەسێک بڕێژرێن، پێشتر هۆکاری بەیەکنەگەیشتنی هەردووکیان بووە.

یان لە وەسفی خاکی سلێمانیدا دەڵێ:

خاکی میزاجی عەنبەر و داری ڕەواجی عوود

بەردی خەراجی گەوهەر و جۆباری عەینی نوور (١٨٢)

یان لە وەسفی شاری مەدینەدا دەڵێ:

عەرشی بەرین کە دائیرەیە ڕەوضە مەرکەزە

فەرشی زەمین بە عەرصەیی طەیبە موجەوهەرە (٤١٦)

لێرەشدا شاعیر لە هێنانەوەی گەوهەردا، سیفەتی بەهاداری و بە نرخیی بە بەردەکانی ڕێی خاکی سلێمانی و زەمینی شاری مەدینە بەخشیوە، بەڵام پێمان نالێ چ جۆرە بەرد و گەهەرێکن، بەمەش لە هێنانەوی گەوهەردا، ئاستی بەهای خاکەکەی بەرزتر ڕاگرتووە، چونکە تەواوی خەسڵەتەکانی وەرگرتوون و لە سیفەتێکدا سنووردار نەکراون.

یان لە وەسفی وشە و وێنە شیعرییەکانی غەزەلەکانیدا دەڵێ:

بەحری غەزەلم پڕ لە دوڕ و گەوهەرە ئەمما

غەوواصی دەوێ یەعنی بە تەعمیقی بزانە (٤٨٠)

شاعیر بە هێنانەوەی (گەوهەر) و خواستنی بۆ وشە و وێنەی شیعری، بەحری غەزەلەکانی خۆی زۆر لە بەحری سروشتی بە دەوڵەمەندتر ناساندووە، چونکە زۆربەی گەوهەرەکان لە دەریادا نین، نالی دەیەوێ پێمان بڵێ کە غەزەلەکانی پڕن لە وشەی بەهادار، بۆیە ناوی جۆرێکی تایبەتیی نەهێناوە، چونکە وشەکان هەموویان یەک جۆر نین و جۆراوجۆر و ڕەنگاوڕەنگن،بە واتایەکی دیکە هەرزوو نالی درکی بە توانا و هێزە شاراوەکانی خۆی کردووە و بەوپەڕی متمانەوە ئەوەی خستۆتە ڕوو،کە دۆزینەوەی دەلالەتی شیعرەکانی پێویستیان بە غەواسێکی شارەزا هەیە،بۆ ئەوەی بتوانێت بگاتە قوڵاییەکانی واتا شاراوەکانی ئەودیوی دەربڕینەکانی،(نالی)لە بەیتێکی دیکەدا وشە و وێنەشیعرەکانی خۆی بە (گەوهەر) چواندوون:


ئەو گەوهەرە نوکتە کە لە نالیی دەدزن خەڵق

ئاوی نییە وەک ئاگری بێشەوقی دزانە (٤٨١)

شاعیر دەیهەوێ ئەو ڕاستییەمان پێ بڵێ، کە مامەڵەکردن و زانایی خۆی وایکردووە، کە وشە و وێنە شیعرییەکان ببنە گەوهەر، چونکە کاتێک کەسانی دیکە دێن و لێی دەدزن، لای ئەوان ئەو جوانی و ڕەونەقەی نامێنێ. لە بابەتی زمانەوانیشدا، زۆرجار ناوی گشت بۆ بەش، یان ناوی بەش بۆ گشت بەکاردێت.

***ئەنجامەکان***

_ لە کۆی غەزەلە کوردییەکانی دیوانی (نالی)، ئاماژە بە (16) جۆر گەوهەر و (18) دەلالەتی گەوهەرەکان کراوە، بۆ نموونە لە زێر (زەڕ، تەڵا) لە زیو (زیو، سیم)، لە مرواریدا (مرواری، لوئلوئ. لەئالی)هاتووە، جگە لەوەی ناوی (موور) و (گەوهەر) بە واتا گشتییەکە بەکار هاتووە. بە هەمووشیان (78) جار ناوی گەوهەرەکان هاتووە. لەم نەخشەیەی خوارەوەدا جۆر و ژمارە و ڕێژەی سەدیی دووبارەبوونەوەی گەوهەرەکان دەخەینەڕوو:




| | لەعل | زێڕ | دوڕ | گەوهەر | مرواری | زیو | بلوور | یاقووت | مەرجان | یەشم | عەقیق | پیرۆزە | شەبە | بیجادە | بەردی بەنرخ | موور |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Series 1 | 14 | 13 | 11 | 8 | 6 | 6 | 4 | 4 | 3 | 2 | 2 | 1 | 1 | 1 | 1 | 1 |
| Series 2 | 17.95% | 16.66% | 14.10% | 10.25% | 7.70% | 7.70% | 5.12% | 5.12% | 3.86% | 2.57% | 2.57% | 1.28% | 1.28% | 1.28% | 1.28% | 1.28% |
| Column1 | | | | | | | | | | | | | | | | |

جۆر و ژمارە و ڕێژەی دووبارەبوونەوەی گەوهەرەکان لە غەزەلە کوردییەکانی دیوانی (نالی)دا

_ نالی یەکێکە لەو شاعیرانەی کە توانای داهێنانی لە بەکارهێنانی بەرد و گەوهەردا هەبووە،بەوەی لێزان بووە لە بەکارهێنان و دروستکردنی وێنە لە کەرەستەکانی ئەم بەرد و گەوهەرانە،زیاتریش سوودی لە ڕەنگی بەردەکان وەرگرتووە،بە پێی هونەرەکانی ڕەوانبێژی وێنەی ناوازەی لێ درووستکردوون،بە تایبەتی لە لێکچواندنی یا هەندێک جار خواستنی لەعل و یاقوت بۆ لێو،ڕەنگی ڕەشی بەردەکە لەگەڵ زولفی خۆشەویستەکەی،یا بۆ هەڵوێستێکی مرۆیی یا ئاینی،یا.......هتد.

_ لە هەموو بەردەکان زیاتر (لەعل) بەکارهاتووە،کە 14 جار و بە ڕێژەی17.95%،ئەمەش دەلالەتی زۆر بەکارهێنانی لەب و لێوە کە شاعیر بە سەرچاوەی ژیان دەیبینێت، و هەریەک لە پیرۆزە و شەبە و بیجادەو بەردی بەنرخ و موور بە ڕێژەی 1.28% واتە یەکجار ناویان هاتووە،کە جگە لە پیرۆزە ئەوانی دیکە زۆر ناوازەن لە بەکارهێنانیان لە شیعری

کوردیدا،جگە لە نالی نەبێت،کە لە ڕووی فەرهەنگی زمانییەوە شاعیرێکی زمان پاراوی دەوڵەمەند بووە لە ڕووی بەکارهێنانی ووشە و هاوواتا و دەربڕینەکانی دیکەدا.

***پەراوێزەکان***

١- مۆس (Mohs) پێوەری دیارکردنی ڕادەی ڕەقیی بەرد و کانزاکانە، ئەمەش لە ڕێی توانای بەرگەگرتنی ڕووشان لە بەردەکەدا دەردەکەوێت.

2- نالی (یەشم)ی بۆ چاوی یاریش خواستووە.

یەمی دیدە پڕ لە مەرجان وەک یەشمی ئابدارە

شەبەیە شەبیهی زوڵفی سیاهی وەک زوخاڵی (٦٥٩).


**سەرچاوەکان**

**_قورئانی پیرۆز**

**_بە زمانی کوردی**

- عارف،محەمەد نووری (٢٠٠٧) فەرهەنگی دیوانی شاعیران (نالی- سالم- کوردی)، دەزگای ئاراس،هەولێر.

- مکایەلی،مەلا خدری ئەحمەدی شاوەیسی (١٣٨٦) *دیوانی نالی*. لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی: مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، چاپی پێنجەم، بڵاوکردنەوەی کوردستان،سنندج.

**_بە زمانی عەرەبی**

- شیت،أزهار هاشم (٢٠٠٦) نماذج واستخدامات الأحجار الكريمة عند الآشوريين، مجلة آداب الرافدين، العدد (٤٤/ ٤ ،بغداد.

- عيسى،ثائر فضل (٢٠٢٠) الاحجار الكريمة ودالالتها فى الشعر الفارسى ديوان حافظ شيرازى أنموذجا، مجلة آداب ذى قار، العدد ٣٢،ذيقار.

- ابراهيم،حسن كامل (٢٠١٦) كتاب الأحجار المنسوب الى أرسطاطاليس، الطبعة الأولى،دار الفارابى،بيروت.

- الحلبي،علاء (٢٠١١) أسرار الحجارة الكريمة_الحجارة المشعة و النور السرمدي،سوريا.

- خليل،عماد محمد ابراهيم (٢٠١٤) علم المعادن، من منشورات كلية العلوم- جامعة الزقازيق،مصر.

- عقيل،محسن (٢٠٠٧) موسوعة الأحجار الكريمة المصورة، الطبعة الأولى، دار المحجة البيضاء للطباعة والنشر والتوزيع،بيروت.

- ابداح،محمد ابراهيم (٢٠١٦) موسوعة الحجار الكريمة – انواع الاحجار الكريمة خصائصها وفوائدها. دار الجنان للنشر والتوزيع.

- كـذلك، محمـد محمـد (٢٠١٨) الأحجـار الكريمـة والمعـادن النفيسـة،مكتبة ابـن سـينا للطبـع والنشـر والتوزيـع والتصدير،القاهرة.
- ابو نعيم،مروان (٢٠١٠) الاحجار الكريمة، دار عالم الثقافة للنشر والتوزيع،سوريا.
- الجميلى،الدكتور السيد(1999)،الأحجار الكريمة،ط1،مكتبة المدبولي،القاهرة.
-

**سەرچاوەی فارسی**

- درويش زاده، علی (١٣٨٢) سنگ شناسی دگر گونی، چاپ ششم، انتشارات دانشگاه پيام نور،تهران.

**بە زمانی ئینگلیزی**

- STREETER, EDWIN W, (1898) PRECIOUS STONES AND GEMS, LONDON, SIXTH EDITION.
- Margaret W. Carruthers (2007) Rocks and Minerals the definitive visual guide, DK.

***ملخص البحث***

ان الأحجار الكريمة هي احدى أنواع المعادن أو الصخور التي صنفت بأنها كريمة نظرا" لجمالها و قدرتها الكبيرة على الانجذاب،بالاضافة الى استعمالاتها المتعددة،كانت في القدم يستخدم كقوة جبارة كي تحمي الانسان من الشر و السحر و المرض ،و تستخدم بشكل عام لصنع المجوهرات و الزينة،فبعضها يكمن جماله في لونه الساطع و البعض الآخر في عدم وجود لون لها.

و ان نعوت و سمات و صفات هذه الأحجار الكريمة بما انطوت عليه من حسن و رونق جلب أنظار الشعراء،لهذا استعملوها كرموز عن امور عدة،منها جمال أعضاء المرأة و موقفها من المحبوب و الحياة،لهذا خصصنا بحثنا هذا ل((الأحجار الكريمة في طي العلم و أشعار نالي)) مكون من مقدمة و محورين،نناقش في المحور الأول:ماهية الأحجار الكريمة،و في المحور الثاني نتحدث عن : دلالات الأحجار الكريمة في طي أشعار نالي ،بالاستناد الى تحليل مجموعة من النماذج الشعرية لهذا الشاعر الفذ و المبدع في نصوصه الشعرية،اضافة الى عرض أهم النتائج و المصادر و ملخص باللغتين العربية و الانجليزية

الكلمات المفتاحية

الأحجار الكريمة، نالي، الابداع ، الشعر

ABSTRACT

The naming of stones and jewels in poetry is a technical and multidimensional semantic issue. This study aims to present the types, purposes, and features of the stones and jewels that can appear in Kurdish poems of (Nali). Most of the classical Kurdish poets mentioned the names of stones and jewels in their poems. What is remarkable is that (Nali), as a gemologist, dealt with many types of jewels expertly and carefully, using them directly and indirectly in the appropriate places. The study followed analytical and statistical descriptive methods. The content of the research consists of two parts. The first part theoretically discusses the nature, types, and features of stones and jewels. The second part analyzes the types and meanings of stones and jewels mentioned in (Nali's) poems. Finally, statistics on the quantity and quality of stones and jewels are presented. The results of the research are summarized in several points, and the sources used in the research are also mentioned.

**Keywords:**

Stones and Jewels, invention, Nali, Poetic text.